سودانی: عێراق هەموو هەنگاوێکی پێویست لە بەرژەوەندی نیشتمانی خێدا دەنێت



ئەمێ شەمە،محەمەد شیاع سودانی سەرکی ئەنجومەنی وەزیران بە ئیمانوێل ماکرۆن سەرۆکی کۆماری فەرەنسا دڵنیاکردەوە کە عێراق هەموو هەنگاوێکی پێویست لە بەرژەوەندی نیشتمانی خێدا دەنێت.

ڕاگەیاندنی سەرۆک وەزیران لە بەیاننامەیەکدا باویکردەوە:-"سەرکی ئەنجومەنی وەزیران محەمەد شیاع سودانی،ئەمێ شەمە، پێیوەندییەکی تەلەفۆنی لە سەرکی فەرەنسا"_وە ئیمانوێل ماکرۆن پێگەیشت و تێیدا پێیوەندییە دووقۆڵییەکانی نێوان هەردوو وڵاتی دۆست و هاوپەیمانی بەرزکردنەوەی هاوبەشی و هاوکاری لە بوارە جیاجیاکاندا تاوتوێ کران، جگە لە تاوتوێ کردنی پرسە ناوچەیی و نێودەوڵەتییەکان هاوبەشکان.

بەگوێرەی بەیاننامەکە سودانی ئاماژەی بە هەوڵەکانی حکومەت کرد سەبارەت بە بانگهێشتی کۆنفرانسی ناوچەیی لە بەغداد بۆ تاوتوێکردنی پرسە ناوچەییەکان، و جەختی لە گرنگی سەردانە چاوەڕوان کراوەکەی ماکرۆن بۆ بەغداد کردەوە، هەروەها پێزانینی عێراقی بۆ هەوڵستی پرەنسیپی فەرەنسا سەبارەت بە پرسی فەڵەستین نوێ کردەوە و جەختی لەوە کردەوە کە ئەو پێشێلکارییانەی لە ناوچەکانی فەڵەستین

ئەنجامدراون، نوێنەرایەتی پشینەیەکی مەترسیدار دەکات، و بارودۆخی نەودەوڵەتی زیاتر ئاڵۆزتر دەکات و سیستەمی جیهانی ئێستا هووبەووی ئاستەنگییەکی هاستەقینە دەکاتەوە.

٢

٢ سەرکی ئەنجومەنی وەزیران جەختی لەوە کردەوە کە عێراق گرنگی بە گەشەپێدانی ئابووری دەدات، بە لەبەرچاوگرتنی ئەو بنیاتنەری لە ناوچەکەدا و هەشداری دا لە مەترسییەکانی هەڕەشەکی نوێ کە هەڕەشە لە ئاسایش و سەقامگیری ناوچەکە بکات، و جەختی لە ئامادەیی عێراق کردەوە بە کارکردن لەگەڵ فەرەنسا و هاوبەشەکانی دیکە لەوانەش کۆماری ئیسلامی ئێران و ویلایەت یەکگرتووەکانی ئەمریکا، بۆ ئاوەی نێخلیسکێتە ناو هووبەووبوونەوەیەکی نوێ و عێراق هەنگاوی پێویست لە بەرژەوەندیی نیشتمانیی خۆی دیگرێتەبەر، بە خزمەتکردنی ئامانجی هێگری کردن لە شەڕ لە هێگەی وتوێژەوە لەسەر بنەمای یاسا نێودەوڵەتییەکان.

٣

٣ لە لای خۆیەوە سەرۆک ماکرۆن ئاستی ئاسایش و سەقامگیری عێراق و هەوڵەکانی حکومەت بە پاراستنی سەقامگیری وەاتەکەی بەرز نرخاند، جەختی لە شانازیی فەرەنسا بە پێیوەندیە قووڵە ستراتیژییەکانی نێوان هەردوو وڵات کردەوە و خواستی بەردەوامبوون لە پاڵپشتیکردنی عێراق، هەروەها تاوتوێی سەردانە پلان بۆ داهاتووەکەی بۆ بەغدا کرا و هیوای خۆی دەربڕی کە سەردانەکە بگاتە ئامانجە پراکتیکییەکانی خۆی.